کەریم شارەزا

# هونەری شاعیرێکی نەتەوەیی کورد

شاعیر هونەرمەندێکی بەهرەداری خاوەن هەستێکی ناسكو سۆزو ئەندێشەیێکی قووڵە ، بەشێکی جودا نەکراوەیە لە ژیانە تایبەتی یەکەی خۆیو ژیانی ئەو چینو توێژەی تێیدا دەژیو، بەندە بەو خاكو ئاووهەواو دەورو بەرەی کە تێیدا پەروەردە دەبێ ..

شاعیر هونەرمەندێکە بەر لە هەموو کەسێکی دیکەی کۆمەڵەکەی کارەساتی نیشتمانو گەلەکەی کاری تێدەکاو دەیهەژێنێو موچرکی هوشیار بوونەوەی بەمێشكو هۆشیدا دەهێنێو ، دوای هەموو کەسێکیش بۆ ئازادیو بەختیاری میللەتەکەی پێدەکەنێ .

شاعیر لە ناخۆشیو شادیی میللەتەکەیدا بەشدارەو وەفاداری خاکی نیشتمانەکەیەتیو ، لە ئەنجامی موعاناتو ژانو ژواری دەروونی بەرامبەر بە ڕووداوی کاریگەری ناو کۆمەڵگاکەیدا هۆنراوەیەکی لەلا سەر هەڵدەدا و دەخولقێ .

بۆ زانینی سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی ئەو بەرهەمە شیعرییەشی بە پێی بیرو ڕای ڕەخنەگرانی ئەدەبی هاوچەرخمان دەخرێتە بەر تیشکی ڕووناکی ئەم خاڵانەی خوارەوە : ـ

**١ ـ ئایا هونەری شاعیرەکە لە بارەی سۆزەوە چۆنە ؟ ئایا سۆزو هەستەکەی ناسكو ڕاستگۆیانەن؟ یاخود لاوازو بێهێزو پێزن؟ ئایا بەدو ناهەموارو نزمن یان پاكو جوامێرانەن ؟!**

**٢ ـ ئایا ناوەڕۆكو مانای بەرهەمەکە ڕاستو تەواون ؟ یان هەڵەو چەوتو چەوێڵن ؟ ئایا تەنکاوو ڕووکەشن یاخود قووڵو پتەون ؟! ئایا داهێنانێکی نوێیان تێدا بەدی دەکرێ ؟ یاخود هەر جوینەوەی پێشووو گوتنەوەی بەرهەمو داهێنانی شاعیری پێش خۆیانن ؟**

**٣ ـ ئایا ئەندیشەی شاعیر قووڵو ناسکەو هەستی خوێنەر یان گوێگر دەجووڵێنێو بۆلای خۆی ڕادەکێشێ ؟ یاخود تەنها دیاردەیەکی ئاسایی بێ پیتو تەنکاوە ؟!**

**٤ ـ ئایا شاعیر بەرگێکی جوانی لە ووشەو دەربڕینی ناسکی بە بەر ماناکانی دا کردووە ؟ ئایا لەسەر شێوەی ئەدیبێکی پێش خۆی ڕۆیشتوە یان ڕێگاییێکی تازەی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە ؟**

لە دوا جاردا ، ئایا جێگەو پایەی شێوە تایبەتی‌یەکەی لە ناو هونەرو چەشەی ئەدەبی‌و ڕەوانبێژی‌و زانستی زماندا چۆن خۆیان دەنوێنن ؟ ! ئایا توانیویانە شوێنێکی دیاری کراو لەناو شێوەی شاعیرانی دیکەی نەتەوەی کورددا بۆ خۆیان بکەنەوە یان نا ؟!

ئینجا ئێستا بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە خستمانە ڕوو ، با ژیان‌و بەرهەمی شیعری شاعیری نەتەوەیی کورد « عەونی » بخەینە بەر تیشکی لێکۆلینەوەو هەڵسەنگاندنی ئەدەبی ، تا بزانین تاکو چ ڕادەیەك شیعرەکانی ئەم شاعیرە دەنگ ناسکە جێی خۆیان لە ناو شیعری ڕەسەنی نەتەوەیی کوردماندا کردۆتەوە ؟

## چاو پێداخشاندنێکی خێرا بە تۆمـاری ژیانی « عـەونی »ی شاعیردا :ـ

عەونی نازناوی شیعریی نەتەوەیی کورد [ عوسمانی کوڕی حەبیبی کوڕی عەبدوڵلا ] یە ، لە ساڵی ١٩١٤ دا لە گەڕەکی بەفریقەندی کۆیەی ، شاری حاجی قادری کۆیی‌و حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی‌زادەو ئەختەری شاعیرو مەنفی‌و مەلای گەورەدا لە دایك بووە ، لە ساڵی خوێندنی [ ١٩٢٧ ـ ١٩٢٨] چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی کۆیەو تا پۆلی پێنجەمی خوێندووە . ماوەیەکیش لە مزگەوتی [ حەتك ] لەلای مەلا محەمەدی مەلا برایمی عەودالانی‌ی ناودار بە «دلاوەر »ی شاعیر هەندێ دەرسی ئایینی وەك ( العقائد ) و ( الشرع ) و هەروەها [ قواعد اللغه العربیه ]ی لەلا خوێندوە . ئینجا بۆ ماوەی ساڵ‌و نیوێك زمانی فارسی لەلای [ مەلا ئەحمەدی ڕەش ] خوێندووە، لەو کاتەدا باوکی کۆچی دوایی دەکات‌و ناچار بۆ گوزەران‌و بەڕێوەبردنی ماڵی باوکی لە جێی ئەو دووکانی بەقاڵی‌یەکەی بەڕێوە دەبات‌و دەکەوێتە سەر کاسبیی خۆی .

کە دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە برادەرە دڵسۆزەکانی وەکوو [ میرزا عەبدولکەریم ] و ( محەمەد حەوێز ) ی ناسراو بە ( حەمە ڕەش ) کتیبەکانی خوێندنی پۆلی شەشەمیان پێ ئەبەر کردووە . وەك خۆی لە یادداشتە دەستنووسەکانی‌دا دەڵێ :ـ «کە لە قوتابخانە بووم هەندێ مامۆستای کوردپەروەری وەکوو [ صالح قەفتان‌و عەلی ئاگاو عەبدوڵلا عەزیزو ڕەمزی ڕەحیم ( مامەند کەرکووکی )و خالید سەعید ] دەورێکی بالایان بووە لە مێشك ڕوون کردنەوەم و بلاو کردنەوەی بیرو هەستی کوردایەتی بە ناو قوتابیاندا »(١) .



عەونی لە ڕێگەی هەوڵی بەردەوام‌و خۆ فێرکردنەوە توانیویەتی بە چاکی زمانەکانی [ کوردی‌و عارەبی‌و فارسی ] فێرببێ‌و خۆی پێ بگەیەنێ .

عەونی لە ساڵی ١٩٤٠دا ژنی هێناوەو منداڵی لە کوڕو لە کچ زۆرەو ( تەمەنی‌خۆی‌و منداڵەکانی درێژبێ )و لە ساڵی ( ١٩٤١ )وە کەوتووەتە سەر ڕێبازی سیاسی‌و ئەندامێکی چالاکی ( حیزبی هیوا ) بووەو ، دوا بە دوای ئەویش لە جووڵانەوەی نیشتمانی دانەبڕاوەو لەسەر هەڵوێستە سیاسی‌یەکانی گەلێ تووشی ئەشکەنجەو ئازاربووەو گەلێ جار گیراوەو هەندێ جاریش دوور خراوەتەوە بۆ خوارووی عیراق .

وەك ئەدیبێکی ناسراوی کورد بەشداریی لە کۆنگرەکانی یەکەم‌و دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە کردووە ، کە لە ساڵانی ١٩٥٩و ١٩٦٠ بەستراون‌و ، لە ساڵی ١٩٧٠داو لەگەڵ دامەزرانی یەکێتی نووسەرانی کورد ، بووە بە ئەندام لەو یەکێتی‌یەو لە دوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردیشەوە بە ئەندامی یاریدەری ئەو کۆڕە وەرگیراوە .

ئێستا لە کۆیە دوکانەکەی بووە بە یانەی ئەدیبانی ئەو شارەو هەموو ڕۆژێك دەستەیێك لە نووسەر و شاعیرو ڕۆشنبیران لەلای کۆدەبنەوەو لە شیعرو ئەدەبیات‌و مەسەلەی ڕۆشنبیریی یەوە دەدوێن .

**عەونیو شیعر : ـ**

عەونی وەك خۆی لە یادداشتەكانیدا دەڵێ : « شیعرە بەرزە كانی ( نالی )ی نەمر كە بە دەستنووس لە كۆیە چنگ دەكەوتن مقیان كرد بە شاعیرو لە سەرەتادا ڕێبازی شیعری دلداریم گرتەبەرو ، لە دوایی‌دا خوێندەواریم بە هێزبوو ( كۆمەڵە شیعری حاجی قادری كۆیی )ی چاپو بڵاوكردنەوەی ( ئاورەحمان سەعید )م كەوتە دەستو بە ووردی خوێندمەوە تامو چێژێكی زۆرم لە غەزەلو شیعرە نەتەوەیی‌یەكانی وەرگرت ، ئەمە لە لایێكو هاتنی كوردە دەربەدەرەكانی كوردستانی توركیا بۆ عێراقو بڵاوبوونەوەی ژنو منداڵەكانیان بەناو شارە كوردی‌یەكاندا ، ئەمەش دوای كوژاندنەوەی شورشەكەی (شێخ سەعیدی پیران) بوو ،ئێمەی هەرزەكارو گەنج ئەو كارەساتە زۆر كاری تێ دەكردین . من تا ناوەڕاستی سی‌یەكانیش ئەو كارەساتە لە مێشكو دەروونمدا جۆشی دەسەندو بەرەو شیعری نەتەوەییان دەبردم ،بەڵام لە هەمان كاتیشدا دەستم لە شیعری دلداریو هونەرەكەی نالی بەر نەدا . »(٢).

عەونی هەرچەندە لە چینو توێژێكی كاسبكار سەری هەڵداوە ، بەڵام لە ئەنجامی كەسابەتی خۆی بووە بە بازرگانی تووتنو ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە ژیانە تازەیە وای لێكردووە چ لە ڕێبازی شیعریو چ لە ڕێبازی سیاسی‌دا بە زۆری هەر خەتە نەتەوەییەكەی كوردایەتی بگرێو ئەمەش هەڵوێستێكی راستگۆیانەیە لە گەڵ خودی خۆیدا نواندویەتیو تائێستا لێی لا نادات .

عەونی هەرچەندە لە ساڵی ١٩٣٢ وەوە شیعری ئۆپەرێتی بۆ قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەكەی كۆیە داناوەو لە سەر شانۆ پێشكەش كراوەو ، ناوەرۆكەكەی هەستێكی نەتەوایەتی كوردی بووە .(٣) بەڵام لە ساڵی ١٩٣٥دا بەتەواوی دەستیی شاعیریی بەهێز بووەو وەك قوتابیەكی زیرەكی قوتابخانە شیعرەی‌یەكەی (نالی) دەستی داوەتە شیعری (غەزەل) دانانو بە جوانی لێی سەركەوتووە .

ئێمە نا توانین سنوورێكی زەمەنی لە نێوانی شیعری دلداریو شیعری نەتەوەیی لەلای عەونی دابنێین ،چونكە وەك سەرنج دەدەین ، ڕێبازی شیعری دلداریو ڕێبازی شیعری نەتەوەیی لەلای ئەم شاعیرەمان وەك دوو هێڵی تەریبی لەگەڵ یەكدا درێژ بوونەتەوە ، واتا :لەو كاتەیەوە شیعری سیاسی داناوە ،دەستی لە شیعری دلداریو وەسفی جوانی ئافرەت هەڵنەگرتووە .

**عەونیو شیعری دلداری :ـ**

عەونی وەك خۆی دەڵی لە سەرتای شاعیریەتی‌دا شیعرە نایابەكانی (نالی بەڕادەی یەكەمو مستەفا بەگی كوردیو وەفایی بە ڕادەی دووەمو سێیەم بەرەو دنیای شیعرو غەزەلی كوردیان بردم .

با سەرنجێك لە هۆنراوەیەكی كۆنی ئەم شاعیرەمان بدەین تاكو بزانین تا چ ڕادەیەك گەوهەری وردەكاری لە دەریای شیعرەكانی ئەو شاعیرە گەورەیەی كورد هەڵێنجاوەو چۆن وەستایانە لە غەزەلەكانیدا بە كاری هێناوە ،هەروەك دەڵێ :ـ

**لەم كولبەیی ئەحزانە عەشقی صەنەمێكم بوو**
**لەم چۆڵو بیابانە باخی ئیرەمێكم بوو**

**ئەی دڵ بەخەتا تاكەی مایل بە خەتاكاریی ؟**
**دوێنێكە دەمێكم بوو ،ئەمڕۆ نەدەمێكم بوو(٤)**

ئەگەر بەكەمێك وردبوونە سەیری دێڕی دووەمی شیعرەكەی بكەین ، دەبینین بە ئاشكرا تارمایی شاعیریەتی نالی بە سەرەوەیە هەروەكو ئەو دەیەوێ یاری بە ووشەی شیعریی بكاتو وردەكاریی ڕەوانبێژی بنوێنی ،هەروەك لە نێوانی ووشەكانی (دەمێكم)و (نەدەمێكم) دا كردوویەتیو جۆرە (ڕەگەزدۆزی) یەكی پێكەوە ناوەو چونكە ووشەی (دەمێكم) مانای (كاتێكە) یا (سەردەمێكم) دەداتو (نەدەمێكم) یش مانای پەشیمانی دەداتو خۆی لەم تاكە شیعرەی (نالی) نزیك دەكاتەوە كە دەڵێ :ـ

**دوێنێ چ بو دەتدا بە زوبان لافی كەرامەت**
**ئەمڕۆ نەدەمت بوو ، نەدەمت بوو ،نەدەمت بوو(٥)**

عەونی دوای ئەم سەرتایە سەركەوتووە ، لە سەرهەمان تامو بۆی شیعرەكانی نالی چەند دێڕیكی دیكەمان پێشكەش دەكاتو دەڵێ :ـ

**بێ هەمدەمو هەمتامە ،بۆ خلوەتی تەنیایی**
**بۆ مونیسی ئەحزانی گوڵ غونچە دەمێكم بوو**

**ئاخر فەلەكی بەدكار دووچاری غەمی كردم**
**جارێ لە خەوا وەصلی لەب جامی جەمێكم بوو**

بەر لەوەی كوردەكانی كوردستانی توركیا لە دوای ساڵی ١٩٢٥دا دەر بە دەر بنو بێن بۆ عیراق ،كوردەكانی

کوردستانی ئێران لە دەست جەورو ستەمی حوکمی [رەزا شای پەهلەوی ]دەستە دەستە ڕوویان کردبووە عیراق‌و لە هەر شارەی کوردستانی ئەم دیوە چەند خێزانێکیان حەوابوو بوونەوەو ، چەند خێزانێکیان هاتبوونە کۆیەو لەوانە کچێکی زۆر قۆزو جوانیان دەبێ ، دڵی (عەونی)ی شاعیری دڵتەڕ نێچیر دەکات‌و بە تەواوی کار لە هۆش‌و هەستی دەکات‌و ، لە هۆنراوەیەکی پڕ سۆزدا ئەڤینی ئەو کچە (مەهابادی)یە دەردەبڕێ ، وەك خۆی دەڵێ : «لە ساڵی ١٩٣٧دا کە جارێ کوڕ بووم‌و ژنم نەهێنا بوو ،ئەم غەزەلەم بە ناونیشانی [چاو جوانێکی مەهابادی ]داناوە ،کە سەرەتاکەیم بەم جۆرە دەست پێ‌کردووە .»(٦)

**لە بەر جەوری کەسێکی کۆیی بێزار بووم بە بێ دادی**
**فەلەك خستمیە بەر دەست (چاو جوانێکی مەهابادی)**
**کە لێی دام غەمزەیێکی خستمی هەستام وەهام گوت پێی**
**کچی کورد ئافەرین بۆ تۆ کە چالاکی لە صەییادی**
**گوتی : هەرکەس کە کەوتە بەندو داوی پەرچەمی خاوم**
**مەحاڵە بەربێ نابێ بکا قەت بیری ئازادی(٧)**

هەر ڕەخنەگرو شیعر ناسێکی کورد لەم چەند دێڕە شیعرەی عەونی وردبێتەوە، هەست بە جۆرە نوێ کردنەوەیەکی غەزەلی کوردی دەکا ،ئەوەش لە جۆری دەربڕینی ووشەکان‌و لە تێکەڵاوکردنی ووشەی نەتەوەیی وەکوو (کورد) و (مەهاباد) یاخود ووشەی سیاسی وەکو «ئازادی» بە ووشەو دەربڕینی عیشق‌و دلداریی لاوێك بەرامبەر بە کچێکی شۆخ‌و نازداری کورد .

شاعیری شیعر ناسکمان لە دوای ئەم دەست پێ‌کردنە جوان‌و سەرکەوتووەی‌دا دەڵێ :ـ

**لە کوردستان نە بوو سیحرو تەلیسم‌و جادوویی‌و ئەفسوون**
**لە کوێ فێر بوویی شۆخی‌و دولبەریی وا هێندە ئوستادی**
**بە شێوەی شیرنی زنجیری عەشقی خۆی لەمل کردم**
**منیش وا لێ بڕاوم بێنمە دی ئاکاری فەرهادی**

هەر کەسێکی ئەم هۆنراوەیەی (عەونی) بخوێنێتەوە ، جگە لە هەستی ئەڤینی کوڕێکی لاو بو کچێکی کوردی مەهابادی ، هەست بە جۆرە سۆزێکی نیشتمانی‌و سیاسیش دەکات ، ئەمەش دیاردەیەکی شیعری نوێیەو شاعیرە هاوچەرخەکان بایەخی پێ دەدەن‌و بە هیچ جۆرێك خۆشەویستی ئافرەت لە خۆشەویستی نیشتمانەکەیان جودا ناکەنەوە !

عەونی نەك هەر لەو هۆنراوەیەدا جۆشی ئەڤین‌و هەستی نەتەوەیی‌و سیاسی تێکەڵ بە یەکتری دەکات‌و ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێ دەکاتە ناوەڕۆکێکی تازەو دەیان خاتە ناو چوارچێوەی شیعری نوێی ئەم سەردەمەمان ، بەڵکوو لە گەلێ شیعری دلداری دیکەیشی‌دا ئەم کارە دەکات بە بەرنامەیێکی هونەریی دیاری کراو بۆ شیعرەکانی ،هەر وەك لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بە ناونیشانی «جیهانم پشکنیوە» ئەمەی کردووەو دەڵێ :ـ

**جیهانم پشکنیوە ،**
**نازدار جوانم زۆر ـ دیوە ،**
**بەلام وەك تۆ نازەنین**
**نەم دی لەسەر رووی زەمین(٨)**

دوای ئەم سەرەتایەو دەست نیشان کردنی ئەدگاری جوانیی یارە شۆخەکەی ، مەسەلەکەی خۆشەویستیی ئافرەت‌و نیشتمانەکەی دەکاتەوە بە یەك مەسەلەو ، روو دەکاتە کچە شۆخەکەو پێی دەڵێ :ـ

**کیژێ تۆم دی وام زانی     تۆ کچی کوردستانی**
**ئەگەر ئەوی بە راستی     رزگار دەبم لە پەستی**
**نازدارەی ماهـ روخسار     ئەوەی بیست هاتە گوفتار**
**لە سەرەتا تا ئەنجام     وەهای پێ ووتم وەرام**

ئینجا شاعیر خۆی لە سۆزی دلداریی ئافرەت دەکێشێتەوە دەکەوێتە بواری دەربڕینی هەست‌و سۆزی نیشتمانی‌و تێکۆشانی رۆڵەکانی کورد لە پێناوی ئامانجێکی دیاری‌کراودا ، لە یەکگرتنەوەی ریزی رۆڵەکانی گەلەکەیەتی‌و لە کۆتایی‌دا واقیعێکی تاڵ‌و ئەنجامێکی رەش بینانەمان بۆ دەست نیشان دەکات ، بام ئەو واقیع‌و ئەو ئەنجامە تا ئەمڕۆش راست بێ ، بەلام بۆ حیسابی دوا رۆژ نابێ مرۆڤ وا رەشبینانە سەیری دوا رۆژی گەلەکەی بکات ، چونکە گەل تاکە کەسێك نی‌یە تا ئومێد بڕ ببێت ، بەلکوو هێزێکی گەورەی داهێنەرەو پشتاو پشت دەڕوات‌و ، لەسەر هۆنراوەکەی دەڕوات‌و دەڵێ :ـ

**من گۆران‌و تۆ کرمانج     هەردوو بە شوێن یەك ئامانج**
**هەر دەڕۆین‌و پێ ناگەین     هەر دەڵێین‌و تێ ناگەین**
**شێوەی ئەم گفتوگۆیە     داخەکەم رەنجەرۆیە**
**نە لە یەك دەگەین !**
**نە بە یەك دەگەین .!**

**عەونی‌و شیعری نەتەوەیی :ـ**

عەونی وەك بینیمان هەر لە بواری شیعری دلداری‌یەوە ، ورده ورده دەكەوێتە ناو مەیدانی شیعری نەتەوەیی كوردو ، خۆشەویستیی نیشتمان‌و گەلەكەی هەموو بوارێكی بەهرەی شاعیریی دەگرێتەوە ، ئەگەر لە هۆنراوەكانی‌دا وەرزی بەهارو زستان‌و گوڵ‌و كچ‌و نەورۆزیش بەكاربێنێ ئەو هەر بۆ نیشانەی جوانی نیشتمان‌و دلسۆزی رۆلەكانی بۆ خاكەكەیان دەیان خاتە ناو شیعرەكانی

لە هۆنراوەیەكی‌دا بە ناونیشانی (نەورۆزو كەژاڵ) نیشانەكانی [نەورۆزو زستان‌و بەهارو بنەوشەو كەژاڵ ]وەك پێنج ئینسانی كورد بەكاریان دێنێ ،نەك هەروەك چەند وشەیەكی ئاسایی، هەلدەستی جۆرە جوولەو دەور دابەشی‌كردنێكی شانۆییان دەداتێ‌و دەلێ :ـ

**نەورۆزو بەهار وەك جووتەی خوشكان**
**لە شادی كرێن ئەمساڵ تێ شكان**

**بەهار بنەوشەی لە زستان كڕی**
**كراسی جەژنی بۆ نەورۆز بڕی**

**بۆچی نەیزانی بنەوشەی سەر شین**
**بۆ شایی نایەو هەر دەیكا بە شین ؟**

**ئەم كە پەروەردەی سەرمای زستانە**
**سەركزەلۆكەو چاو بە گریانە**

**نەورۆز دەیەویست گوڵی زەردەو سوور**
**شادی هێنەر بێ لە نزیكو دوور (٩)**

دوای ئەم سەرەتایە سەركەوتووە ،ئینجا (باوكی كەژاڵ) دێتە وەرام‌و دەلێ :ـ«ئەگەرچی نەورۆزی پار خۆش نەبووە. بەلام من بەلێن دەدەم بۆ جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ جلی سەوزو سوور بۆ كەژاڵ بكرم‌و بیرازێنمەوە بۆ شایی‌و ئاهەنگی ئەو جەژنە نەتەوەیی‌یەمان و دەلێ :ـ

**بەلێن بێ منیش بۆ جەژنی ئەمساڵ،**
**جلی سەوزو سوور بكەم بۆ كەژاڵ**

**بیرازێنمەوە وەك بووكی بەهار**
**وێنەی نەدی بێ چاوی رۆژگار**

**بچێ بۆ شایی بە شاد مانی**
**بە ئاوازی خۆش بلێ گۆرانی**

**چ گۆرانی‌یەك ؟ نەغمەی ئازادی**
**دەنگ بداتەوە دژی بیدادی**

ئەوەی عەونی لەم هۆنراوەیەیدا كردوویەتی لاسایی كردنەوەی هیچ شاعیرێكی پێش خۆی نی‌یە ، بەلكو داهێنانێكی نوێ‌یەو بەرهەمی ئەندێشەی شاعیرانەو سۆزی ناسكی كوردایەتی خۆیەتی لەم هۆنراوەیدا دەری بڕیوە ،تاكو لە كۆتایی‌دا بە شێوەیەكی درامی‌و دوای تۆلە سەندنەوەی بەهاری خۆشەویستی لە زستانی سارو سەخت ،(كەژاڵ‌و نەوروز وەك دووكچی جوان‌و تێكۆشەری كورد چەپكێك گوڵی سوور لە گولزاری كوردستان بكەن بە دیاریی سەركەوتنی گەلەكەیان‌و هۆنراوەكە بەم جۆرەو بەبێ بەكارهێنانی دروشمی راستەوخۆ كۆتایی دێ :ـ

**بەهار لە زستان تۆلە بستێنێ**
**پەیمانی سەهۆلبەندان بشكێنێ !**

**كەژاڵ‌و نەورۆز بە هاری‌كاری**
**چەپكێك گوڵی سوور بكەن بە دیاری**

**نەورۆز حەز دەكا گوڵ بۆ بەهار بێ**
**كەژاڵ دەیەوێ گەلی رزگاربێ**

عەونی لە هۆنراوەیەكی نەتەوەیی دیكەیدا بە ناونیشانی (شینی پێشەوا) كە لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٤٧دا دایناوە، واتا : چەند رۆژێك لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوای كوردو كوژاندنەوەی گڕی رووناكی هیوای كورد بە تێكدانی (كۆماری دیموكراتی مەهاباد) بە دلێكی سووتاوەوە دەلێ :ـ

**لە سیی مارتی چلو حەوتا ،(١٠)**
**لە چەپ گەردی چەرخی چەوتا**

**لە مەهاباد لە چوار چرا**
**داری بیدادی هەلكرا**

**ئەو دارەی پێش نیوەی شەوا**
**وەستا لە ژێر پا پێشەوا**

**گوتی : ئێستنا دەلێم كوردم**
**لە رێی ئازادی كورد مردم (١١)**

دوای ئەم سەرەتایە پڕ لە ئاسۆری دەروونی کوردە ،لە بە بیرهێنانەوەی کارەساتی تێکدانی کۆماری مەهاباد بە دەستی رژێمی کۆنە پەرستی ئێرانو لە سێدارەدانی پێشەوای کورد ،شاعیر دێ وەسفێکی وردی ئەو شەوە پڕ لە خەفەتەی کوردستان دەکاو هەستو سۆزی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە خنکاندنی پێشەوایان دمردەبڕێو ، ئەو شەوە دەکات بە شەوێکی مێژوویی ، تا هەتایێ لە دڵو دەروونو بیری نەتەوەی کورد نە سڕێتەوەو لەگەڵ ئەمەشدا ورە بەر نادات‌و هێزێکی گیانی بە بەر دڵو دەروونی لاوانی نوێدا دەکات‌و پێیان دەڵێ :ـ

**کورد ناترسێنێ سێدارە**
**کرداری دەستی زۆردارە**

**هەر دەبێ زۆردار کەسادبێ**
**زۆر لێ کراویش ئازاد بێ**

**کورد دەبێ بۆ خۆی هوشیار بێ**
**نابێ لە کەس هیوادار بێ**

**دەبێ زاناو هونەرمەندبێ**
**لە زانستا دەوڵەمەندبێ**

(عەونی)ی شاعیری نەتەوەیی ، تروسکەی رووناکی هیوای دوا رۆژی گەلی کورد ،لە هوشیاری رۆڵەکانی‌و لە هونەرمەندی لاوە تازە پێگەیشتووەکانی‌یەوە پێشانی نەوەی نوێی گەلەکەی خۆی دەدات ، کە چۆن دەبێ لەم سەردەمەی ئێستاو لە دوا رۆژدا تەنیا پشت بە خۆی‌و بەزانست‌و هونەری نوێ ببەستێ ،تاکو تاقی‌کردنەوە کەی مەهابادی لێ دووبارە نەبێتەوە .

**عەونی شاعیری نەتەوەیی کوردو خەباتی گەلان ـ:**

عەونی شاعیری شیعری نەتەوەیی کورد ،نایەوێ بزووتنەوە، نەتەوەکەی لە کاروانی بزووتنەوەی ئازادی خوازیی نەتەوەکانی جیهان دابڕێو بە بیرو باوەڕێکی ئینسانیانە سەیری تیکۆشان‌و شۆڕشی چەکدارانەی گەلی (فەلەستین)ی زۆر لێ‌کراو دەکات ،بەرامبەر بە زایۆنیستە داگیرکەرەکان‌و دەڵێ :ـ

**سلاوی ئێمەی لە کوردستانا**
**لە بەرزترین لوتکە کێوانا**

**بۆ برای (فیدایی لە فەلەستینا)**
**لە ناو خەباتی سەختی خوێنینا**

**خوا لەگەڵ هەقەو ئێوەش هەقدارن**
**چەوسێنراوەی دەستی زۆردارن (١٢)**

دوای بەسەنزەی تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستاندا بە خەباتی خوێنینی فیداکارانی فەلەستین ،بە بیرو باوەڕو پشت بەستن بە هەق . ئەوەمان دەخاتەوە یاد کە لە کاتی شەڕی صەلاحەددینی ئەیوبی [١١٣٨ ـ ١١٩١ز] لە دژی خاچ پەرستەکان ،چۆن خوینی کوردو عەرەب لە شەری [حوتین ١١٨٧ز]و شەڕەکانی دیکەی ئەو سەرکردە گەورەیەی کورد ،تێکەڵاو بە یەکتربوون ،بۆ رزگار کردنی شاری قودس‌و سەرپاکی وولاتی فەلەستین‌و دەڵێ :ـ

**خۆ شەڕی سەلیب هەر لەبەر چاوە**
**لە زۆر شوێن ئێستاش ئاساری ماوە**

**وا پیشان ئەدا مێژووی رابوردوو**
**رژاو تێکەڵبوو خوێنی منو توو**

**کوردم من نەوەی صەلاحەددینم !**
**برای بە وەفای عەهدی دێرینم ،**

شاعیر لە رێگەی هەستێکی ناسکی مرۆڤایەتی‌یەوە مێژووی تێکۆشانی هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب بەیەکەوە دەبەستێتەوەو ، ئێستاش ئامادەیی کورد نیشان دەدات بۆ پشتیوانی کردنی شۆڕشی فەلەستین . چونکە برای بە وەفای پەیمانی سەردەمی صەلاحەددینن .

ئینجا دەڵێ : ئەی فیداکاری فەلەستین نەك هەر ئێمەی کورد بۆت بە پەرۆشین ، بەلکوو هەموو ئازادی خوازانی جیهان پشتیوانی تۆنەو دەڵێ :ـ

**برای فیدایی نەك هەر من تەنیا ،**
**بۆت بە پەرۆشم وەك باوکو برا**

**هەموو ئازادی خوازانی جیهان**
**پشتیوانی تۆن وەك من بێ‌گومان !**

عەونی شاعیری بیرو ئەندیشە قوولمان نایەوی هەستی شاعیریەتی و بیری‌ئینسانی‌هەر لەناو چوارچێوەی کوردستان‌و

عیراق‌و وولاتی فەلەستیندا بمێنێتەوە ، بەلکوو دەیەوێ ئەندێشەی دوورتر بڕوات تابڕ دەکات هەر بڕوات تا دەگاتە ئەو شوێنانەی جوولانەوەی ئازادی خوازی تێدایەو لە دژی ئیمپریالیزم دەجەنگن . دەیەوی خەباتی گەلەکەی ئەلقەیەك بێ لە ئەلقەکانی جوولانەوەی ئازادی خوازی جیهانی سێیەم . هەر بەو نیازەوە لە سالی ١٩٦٩ دا هۆنراوەیێکی شۆڕشگێڕی بۆ « ڤیەتنام » ی بە خوێن سوورکراوی دەستی ئیمپریالیزم‌و بۆ ڤیەتکۆنگ دادەنێ‌و بە بای شەماڵ سلاوی گەلی کوردیان بۆ دەنێرێ‌و دەلێ : ــ

**شەماڵ فیدات بم وەك پەیکی ڕەوان**
**بڕۆ بە پەلە بە بێ پشوودان !**

**بەرەو ڤیەتنامی بە خوێن سوورکراو**
**بەرەو ڤیەتنامی گڕ تێ بەر دراو**

**ئەوسا گەیشتی بە‌بێ ترس‌و لەرز**
**بچۆ بارەگای ڤیەتکۆنگی نەبەز**

**بلێ : « ئەرکی رێی دوورم کێشاوە »**
**سلاوی گەلی کوردم هێناوە**

دوای گەیاندنی سلاوی گەلی کورد بە گەلی ڤیەتنامی شۆڕشگێڕ ، ئەم دێڕە شیعرەیان وەك پەندێك یا حیکمەتێکی سیاسی بە بەر گوێی شۆڕشگێڕانی ڤیەتنام هەلدەداو دەلێ:ــ

**تا بە خوێنی گەش سوور نەبی وولات**
**هەرگیز ئەو گەلە ناگا بە ئاوات .**

لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا مژدەی سەرکەوتن بە ڤیەتنامی شۆڕشگێڕ ڕا دەگەیێنێ‌و ، کۆتری ئاشتی پیکاسۆ بەچلێ دار زەیتوونەوە مژدەی ئاسایش‌و هێمنایی گەلی ڤیەتنام‌و شکانی ئیمپریالیزم بە هەموو لایێکی جیهاندا رادەگەیێنێ‌و دەلێ : ــ

**بلێ : مژدەبێ زۆری نەماوە ،**
**زۆردار لە دەنگی گەلان ترساوە !**

**چلی زەیتوون‌و کۆتری پیکاسۆ**
**مژدەیی ئاشتی دەگەینن بە تۆ !(١٣)**

خۆێندەواری بەرێز ... وەکو بۆت دەرکەوت (عەونی) وەك شاعیرێکی نەتەوەیی لە مەلبەندی حاجی قادرەوە سەری هەلداو هەر لە قاوغە تەسکەکەی مەلبەندی خۆی نەمایەوە ، بەلکوو ، لە ئەنجامی رەنگدانەوەی هەلوێستی سیاسی خۆی ئەندیشەی قوولی‌و بیری ڕووناکی خۆی گەیاندە ژان‌و موعاناتی گەلان‌و بەشداری لەگەلدا کردن‌و شیعری بۆ گوتن‌و مژدەی سەر کەوتنی پێ راگەیاندن‌و ، دەرسێکی باشیشی بۆ رۆلەکانی نەتەوەی کورد دادا ئەویش ئەوەیە ، دەبێ بە چەکی زانست‌و هونەر بێنە مەیدانی ژیان‌و خەباتی گەلانی دراوسێ‌و جیهانی سێیەم بە خەباتی خۆیان بزانن . هیوادارم توانیبێتم تا رادەیەك ( عەونی )ی شاعیری نەتەوەیی کورد بە ئێوەی بەڕێز بناسێنم .

**(١) یادداشتەکانی (عوسمان عەونی) ، ل ١٥ «دەستنووس»).**
**(٢) یادداشتەکانی (عوسمان عەونی) «دەستنووس» ل:٢١**
**(٣) وەك ئۆپەرێتی :**

**ئەی مامە چەند ئیختیاری**
**تۆ خەلکی کامە دیاری**
**بۆچی دەکەی شین‌و زاری**
**بە چ دەردێ گرفتاری ؟**

**گفتوگۆکە لە نێوانی گەنجێك‌و پیرێکەوە دەکرا . (غەریب مستەفا) دەوری گەنجی وەرگرتبوو، (حەمە رەش) یش دەوری پیرەکەی دەبینی .**

**(٤) دیوانی عەونی ــ بەرگی یەکەم ــ ل ٣٥، : « دەستنووس »**
**(٥) دیوانی نالی ــ مەلاعەبدولکەریمی مودەریس‌و فاتیح عەبدولکەریم بەغدا ١٩٧٦ ، ل ٣٦٨ .**

**(٦) یادداشتەکانی (عوسمان عەونی) دەستنووس ،ل ٢٥**
**(٧) دیوانی عەونی ،ب١ ،ل٤٧ ،« دەستنووس»**
**(٨) دیوانی عەونی ــ ب١ ،ل:٥٥ «دەستنووس»**
**(٩) دیوانی عەونی ــ بەرگی یەکەم ــل:٦٤« دەستنووس».**
**(١٠) . لە هەندێ سەرچاوەی مێژوویی‌دا ٣١ی مارتی ١٩٤٧ دادەنێن بە رۆژی لە سێدارە دانی (قازی محەمەد) کەچی شاعیر لێرەدا شەوی ٣٠ی مارتی بۆ ئەو کارەساتە تۆمار کردووەو دەلی [ئەو دارەی پیش نیوەی شەو]پیش نیوەشەویش هەر بە رۆژی پیشو حیساب دەکرێ ،جا دوور نی‌یە پیش نیوەشەوی ٣١/٣٠ی مارتی ١٩٤٧ لە سێدارە درابێ‌و بۆ بەیانی واتە ٣١ی مارت پیشانی خەلکەکەیان دابێ.**

**(١١) دیوانی عەونی ب١ :ل٧٠ «دەستنووس»**
**(١٢) گۆڤاری هەولێر ،ژمارە (٢،٣)ی سالی یەکەم ١٩٧٠، ل٤٤ ،٤٥.**

**(١٣) دیوانی عەونی ــ ب١ ، ل ٥٧ ، « دەستنووس » .**